## شۆێنایەتی مێژوویی بۆکان

با سەیرێکی ساکاری شوێنایەتی بۆکان لە مێژووی کۆنی پێش ئیسلام بکەین جیا لەو راستییەی کە بۆکان خۆی بەشێک لە مادی بچووک بوە. ئەگەر وەک شار، ناوچە، یا ناوەندێک بیگرینە بەر چاو، دراوسییەکانی بریتی بوون لە:

١. لەبەشی رۆژهەڵاتەوە : تەختی سولەیمان، ئاورگەی شێز و شاری پەراسپەی ساسانییەکان، سماقان و فەرهادتاشی بی بی کەند،

٢. لە لای رۆژئاواوە : فەقرەقای مەهاباد(قەبری فەرەوەرتیشی مادی)، شار وێران، گردی حەسەن لووی نەغەدە و شارسانییەتی ئورارتوری ئەرمەنی،

٣. لە باکوورەوە: گوندی قەڵایچی، گوندی سەرا و رەحیم خانی سەر چۆمی مەجیدخان کە یەک لەو دوو شوێنە بەرانبەر دێتەوە لەگەڵ "نسا"ی پێتەختی مانناییەکان،

٤. لە لای باشوورەوە : گردی گرنگی گوندی بۆگەبەسی، زێویەی سەقز، شارسانیەتی سەکایی و کاسی و دوورتریش ئاشوور و گۆتی و لۆڵۆبی.

ئەگەر ٣٨ گردی مێژوویی بۆکان و دەوروبەری، بە گردی قەڵای ناوشار، گردی کولتەپە، حەمامیان و ئەوانی دیکەوە بگرینەبەرچاو، کە سارگۆنی دووهەم پادشای ئاشووری لە ساڵی ٧١٥-٧١٦ ی پێش زایین شارسانیەتەکەی فەوتاندن، ئەوا گرنگایەتی مێژوویی شار و ناوچەکەمان تارادەیەک بۆ دەردەکەوێت. لە بەشەکانی دواتری ئەم زنجیرە وتارەدا باسی هەندێ سەرچاوەدەکەم کە لە شارسانیەتی ماننایی دواون و مانناییەکانیش بە بێ هیچ گومانێک لەم ناوچەیە ژیاون ، هەروەها باسی شارسانیەتی دیکەی ناوچەکە و بۆ هەموویانیش سەرچاوە دەناسێنم. بە کورتی، بۆکان و دەوروبەری موزەخانەیەکی مەزنی سەرئاواڵەیە .